گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 12, No. 1, pp. 188–200, January -March, 2024
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ئاستی باوەڕبوون بە هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ

أحمد علی حمە محمود[1] و بەختیار أبراهیم فتاح[2]
ahmad.ali@univsul.edu.iq
[1]بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی/ عێراق
[2]بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی/ عێراق

وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٧ پەسەندکرن: ٢٠٢٣/١١ بەلاڤکرن: ٢٠٢٤/٠٣ https://doi.org/10.26436/hjuoz.2024.12.1.1300

خورافە وەك كولتورێكی بە جێماو ڕیشە و بنەچەیەكی میتۆلۆژی و مێژوویەكی هەزارەها ساڵی هەیە، ئەستەمە هەروا بە ئاسانی بنەبڕ بكرێت لە نێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێوانەكردنی ئاستی بەربڵاوی هزری خورافیە لای خوێندكارانی زانكۆ و زانینی گرنگترین بیرە خورافیەكان و ئاستی جیاوازی بوونی هزری خورافی لای خوێندكارانی زانكۆ بەپێی گۆڕاوەكانی (ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری خوێندن)، میتۆدی وەصفی بەكارهاتووە بۆ وەصفكردنی هزری خورافی لای خوێندكارانی زانكۆ، كۆمەڵگەی توێژینەوەكە خوێندكارانی زانكۆی سلێمانیەو (٣٧٨) خوێندكار وەك نمونە وەرگیراوە، توێژەر پێوەرێكی ئامادەكردوە كە لە (٢٧) بڕگە پێكهاتوە پاش وەرگرتنی راستی و جێگیری بۆ پێوەرەكە و شیتەڵكردنی داتاكان، توێژینەوەكە گەیشت بەم ئەنجامانە: هزری خورافی زاڵە بەسەر بیركردنەوەی خوێندكارانی زانكۆ هزری خورافی لای خوێندكارانی مێینە زیاترە وەك لە خوێندكارانی ڕەگەز نێر و لای ئەو خوێندكارانە زیاترە كە لە دەرەوەی شارەكان نیشتەجێن و لای خوێندكارانی لە كۆلێجە زانستیەكان كەمترە وەك لەو خوێندكارانەی لە كۆلێجە پزیشكی و كۆلێجە مرۆییەكان دەخوێنن.

**كلیلە ووشەكان:**خورافە، ئەفسانە، خوێندكار، زانكۆ، هزر

## ١ ـ پێشەكی

مرۆڤ لەو ڕۆژەی ئەفرێنراوە بە دوای نهێنییەكانی گەردووندا گەڕاوە تا تێگەیشتنی هەبێت لە گشت ئەو دیاردە ژیانی و سروشتیانەی كە ڕوو دەدەن و ئەمیش وەڵامێكی نیە بۆیان، بۆیە زۆرجار بۆ تێگەیشتن لەم جۆرە دیاردانە پەنای بردوەتە بەر تێهزرینێكی نا لۆجیكی خۆی بۆ دیاردەكان و وەك بنەمایەك بۆ لێكدانەوە سەیری كردوون، كە ئەم لێكدانەوە نا لۆجیكی و نازانستیانە لە لێكدانەوەی مرۆڤی نوێدا بە هزرێكی خورافی ناودەبرێت. لە لایەكی ترەوە خورافە رەگو ڕیشەیەكی قوڵی لە مێژوو كولتوری گەلان دا هەیە و بە ناخی بوون و ژیاندا ڕۆچووە، نەوە بە دوای نەوەدا ئاڵوگۆڕ و دەستا و دەستی پێدەكرێت. سەرەرای پێشكەوتنی زانست خورافە شوێنكی پیرۆز و دیار و بەرچاوی هەیە لە ژیانی هەر تاكێكی كۆمەڵگا، بە بڕ و شێوە و فەنتازیای جیاواز، ڕۆڵ و كاریگەری و جێكەوتی بەجێ دەهێڵێت، ئەویش بە پێی مێژوو ژینگەی سروشتی.

### ١ـ١ كێشەی توێژینەوە:

یەكێك لەو گرفتە فرە ڕەهەندانەی بە بەردەوامی و لە دێر زەمانەوە بە فۆڕمی جیاواز، ڕووبەڕووی هەر تاكێكی ئەم كۆمەڵە دەبێتەوە بە گشتی و فێرخوازان بە تایبەتی، بە ڕێژە و ئاستی جیاواز، ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەست و ناخ و دەروونی هەر تاكێكی پەروەردەیی، ئەگەر بیت و بە ئاشكراش دەرنەكەوێت لە وتەو و كردار و هەڵسووكەوتیاندا.

خورافە وەك كولتورێكی بە جێماو ڕیشە و بنەچەیەكی میتۆلۆژی و مێژوویەكی هەزارەها ساڵی هەیە، ئەستەمە هەروا بە ئاسانی بنەبڕ بكرێت لە نێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا، چونكە ئەم هزرە خورافیە ڕەنگدانەوە و كاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر فێرخوازان و نەوەكانی داهاتوو، دواجاریش دەبێت بە ڕاستییەك لەلایان و پیادەی دەكەن لە ژیاندا. بۆیە ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی هزری خورافی لەلای فێرخوازان بخاتە ڕوو وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە كە تاچەندە هزری خورافی بەربڵاوە لەناو توێژی خوێندكارانی زانكۆ دا.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

**١-٢ گرنگییەکانی توێژینەوە:**

لەئاستی تیۆریدا ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە:

١. خورافە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی فرە ڕەهەندی ڕیژەیی هەیە لەسەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگادا، بۆیە گرنگی خۆی هەیە، چونکە یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان و کە کەمترین توێژینەوە کراوە لە بارەیەوە.

٢. ئەم توێژینەوەیە لە بابەتێك دەدوێت، تا ئێستاش هەندێك لە پەروەردەکاران بە تابوو و قەدەغەی دەزانن بۆ قسە لەسەر کردنی، وەك ئەوەی توێژەر هەستی پێدەکات، هەتا ئێستاش هیچ بابەتێك چ وەك توێژینەوە یان سەرچاوەیەك بە زمانی کوردی لای لێنەکراوەتەوە.

هەروەها لەڕووی پراکتیکیەوە گرنگە چونکە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەی بەرچاو ڕونیەك بە خوێندکاران و پەروەردەکاران دەدات تا لە مانا و شێوە و ناوەڕۆکی هزری خورافی و شارەزابوون بە داهاتووی فێرخوازان تێبگەن.

**١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١- پێوانەکردنی ئاستی باوەڕبوون بە خورافات لای خوێندکاران
٢- زانینی گرنگترین بیرە خورافیەکان لای خوێندکارانی زانکۆ
٣- زانینی ئاستی جیاوازی بوونی هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری خوێندن).

**١-٤ سنورەکانی توێژینەوە:**

١. بواری مرۆیی: خوێندکارانی زانکۆ
٢. سنوری شوێن: زانکۆی سلێمانی سلێمانی
٣. سنوری کات: ٢٠٢٣/٢/١ تا ٢٠٢٣/٧/١

**١-٥ پێناسەی چەمك و زاراوەکان**

خوێندکار**:** ئەو تاکەیە کە ئایندەی خۆی لەسەر بناغەی هەوڵ و تێکۆشان بونیاد بنێت لەسەرەتای خوێندن تا بەدەستهێنانی بروانامەو خوێندنی باڵا بەرەو کەناری ئارامیو بەختەوەری و سەرفرازی . (جگەر سۆز ، ٢٠١٣ ، ٧٦)

خوێندکار: ، خوێندکار تاکێکی زۆر چالاکە پێویستە بەدوای زانیاریدا وەبەتەنگ خوێندن و خوێندنەوە بێت ، مامۆستا ناتوانێت زانست بدات ئەگەر خوێندکار ئەو کەشە نەخوڵقێنێ بۆ ئەوەی بەئاسانی زانست لە مامۆستاکەی وەربگرێت ، لە کۆمەڵ و لە بازاڕی کار و لە پەرتوک و لە بڵاوکراوەو ئینتەرنێت وە بەدەستی بهێنێت ، خوێندکار لەکەشێکی گونجاوو ژینگەیەکی کراوە دا بۆ وەرگرتنی فێربوون ئامادەیی هەبێت بۆ ئەوەی بەرامبەر کێشەکان بوەستێ و توانای دۆزینەوەی چارەسەری هەبێت بۆ تەنگەچەو گرفتەکان . (قەرەداغی و سروە، ٢٠٠٧ ، ٧).

پێناسی توێژەران بۆ خوێندکار:

بەهەموو گشت ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕێکخراو نیشتمانیدا قۆناغەکانی خوێندن دەخوێنن، بە پێی پێودانگە نێودەوڵەتیەکان و بەمەرجی بوونی مەنهەجێك کە تاکەکەی پێوە وابەستە کرابێت.

پێناسەی خورافە:

بابەتێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی وەها کە لەگەڵ مرۆڤایەتییدا بوونی هەبێت، بۆیە تا ئێستاش مشتومڕێکی بێ کۆتایی لەسەرە. ئەویش بەوە دەست پێدەکات کە ئایا ئەفسانە پێش ڕەفتارە پیرۆزەکانە یان ڕەفتار پێش ئەفسانەیە لە ڕاستیدا مرۆڤ پاش ملکەچبوونی بۆ بیرو بۆچوونێك، ئەوسا هانا بۆ نواندنی ڕەفتاری پیرۆز دەبات. واتە هەبوونی دیاردە و لایەنە پیرۆزەکە، کە بەلامانەوە دەکەوێتە پێش ڕەفتارە پیرۆزەکە، لەم حاڵەتەدا شتێکی لۆجیکییە ئەگەر بڵێین ئەفسانەکان پێش ڕەفتارە پیرۆزەکان کەوتوە و سەری هەڵداوە ( گەرمیانی، ٢٠٠١، ٢-٣)، هەروەها فەرهەنگی (قاموس الخرافيات و الأساطير)، باسی خورافە دەکات و دەڵێت: خورافە (شعبيا): گێرانەوەی ئەفسوناوی میللی و خۆرسکی مانادراری سیمبوڵییە و (أدبيا): چیرۆکێکی کورتە بە شێوەی پەخشان، یا هۆنراوە، ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان ئەفسوناوین (بادنجکي، ١٩٩٦، ٩-١٠).

خورافە حیکایەتێکی پاڵەوانسازییە و پڕە لە زیادەڕۆیی و کرداری بانسروشتی، بەڵام پاڵەوانەکانی بریتین لە بەشەر یان جنۆکە، خواوەند هیچ ڕۆڵێکی تیادا نییە (السواح، ٢٠٢١، ل٢٦).

پێناسەی پاڵس: بریتییە لە مومارەسەکردنی چەند سروتێکی باوەڕدارانە کە بە شێوەیەکی گشتی لە لوجیکەوە دوورن، بریتیین لە ئەنجامی نەزانینی یان ترسان لە نادیاریی، ئاماژە دەکەن بۆ باوەڕبوون بە چەند هێزێکی نەبینراو و نەزانراو، کە دەتوانرێت لە ڕێی چەند سروتێکی دیاریکراوەوە کاریان تێبکرێت (پاڵس، ٢٠٠١، ٤٢).

پێناسەی لوسی میر: گوزارشتە لە چیرۆکێك کە پاڵەوانەکانی زۆربەی کات بونەوەرێکی سەرو سروشتین یان مرۆڤن، بابەتی چیرۆکەکە هەندێك ڕووداوی ڕابردووە مەبەست لێی گێرانەوەی ئەزمونی کەسەکان یان گێرانەوەی هەندێك ڕوداوی ناو فۆلکلۆری میللیە بۆیە هەر لەنێو خەڵکدا دەستاودەست دەکات (میر، ١٩٨٣، ٣٩١).

پێناسەی ئەنجلش: باوەڕێکی نیمچە ئایینی یا چالاکی یا هەڵسوکەوتێکی نیمچە ئاینییە، بە گشتی یا درێژکراوەی باوەڕی ئایینی پێشوەختە، یا گەندەڵی هاوشێوەیی ئەم باوەڕەیە (عیسوی، ١٩٨٣، ١٢).

پێناسەی تیۆری: بیروباوڕێکی ڕێکخراوە لەسەر بنەمای خەیاڵ و ئەفسون بونیادنراوە، لە دا کەوتدا بوونی نییە، کات و دانەرەکەشی نادیارە و، جێگەی باوەڕ نییە. زۆربەی جار

لەسەر زمانی مرۆڤەكان يان ئاژەڵان دارێژراوە و پەند و داناى تيادا بەرجەستەيە

**١-٦ توێژينەوەكانی پێشوو:**

1 - توێژينەوەى (زعرور، ١٩٧٢) بەناونيشانی: دەرخستنی ئاستی باوەربوون بە خرافە لەنێوان خوێندكاران و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاريان. توێژينەوەيەكی مەيدانی لەسەر فێرخوازانی زانكۆكان لە لوبنان

ئامانجی توێژينەوەكە زانينی ئاستی بيری خورافيە لای خوێندكاران بەپێی جياوازی گۆڕاوەكانی ڕەگەز و جۆری خوێندن، ميتۆدی وەسفی بەكارهاتووە، كۆمەڵگەی توێژينەوەكە بريتيبووە لە (٦٠٤) فێرخوازی كچ و كوڕن، پرسيارنامەيەكی (٥٩) برگەى بەكارهاتووە بۆ كۆكردنەوەی زانياريەكان لە نمونەی توێژينەوەكە. لە ئەنجامدا توێژەر گەيشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی كە خورافە كەم دەبێتەوە بە زيادبوونی ئاستی فێربوون. هەروەها كچە فێرخوازی زانكۆ زياتر هەڵگری هزری خورافەن لە كوڕەكان. و فێرخوازانی بەشی وێژەيی زياتر هەڵگری خورافەن لە فێرخوازانی بەشە زانستييەكان. وە پێی وايە كە خورافات ناچێتە ژێر باری لێكۆڵينەوەی ئەزمونكارييەوە.

2 - توێژينەوەى (يحيى، ٢٠٠٩) بە ناونيشانی: بيرباوەڕی خورافی لای خوێندكارانی زانكۆ لە شاری موصل لە عێراق.

ئامانجی توێژينەوەكە زانينی ئاستی بيری خورافيە لای خوێندكارانی زانكۆ، هەروەها دەرخستنی ڕێژەی هزری خورافی لای خوێندكاران و زانينی بيرباوەڕی خورافی لای خوێندكاران بەپێی جياوازی (ڕەگەز، پسپۆڕی، باری كۆمەڵايەتی، قۆناغی خوێندن) كۆمەڵگەی توێژينەوەكە خوێندكارانی زانكۆی موصل بووە و نمونەی توێژينەوەكە بريتيە لە (٢٥٩) خوێندكار، پێوەرێكی (٤٨) برگەی بەكارهاتووە و ئەنجامی توێژينەوەكە گەيشتوەتە ئەوەی كە هزری خورافی لای خوێندكاران بوونی هەيەو هزری خورافی لای ڕەگەزی مێ زياترە وەك لە ڕەگەزی نێر و لای قۆناغی يەكەم زياترە وەك لە قۆناغی چوارەم بەڵام خوێندكاران جياواز نين بەپێی پيسپۆڕی و باری كۆمەڵايەتی.

3 - توێژينەوەی (فرحان، ٢٠١٥) بە ناونيشانی: بيركردنەوەی خورافی و پەيوەندی بەهەندێك گۆڕاوەوە

ئامانجی توێژينەوەكە زانينی بيركردنەوەی خورافيە لای خوێندكارانی زانكۆ لە ليبيا و عێراق و بەراوركردن لە نێوانيان دا و زانينی گرنگی جياوازی هزری خورافی لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ بەپێی گۆڕاوەكانی ڕەگەز و قۆناغی خوێندن و جۆری خوێندن. ميتۆدی وەسفی بەكارهاتووە لە توێژينەوەكەداو لەڕێگەی پێوەرێكەوە زانياريەكان لە نمونەی توێژينەوەكە وەرگيراوە توێژينەوەكە گەيشتووەتە ئەو ئەنجامەی كە (٧) برگەی پێوەرەكە كاريگەری بەرزيان لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ لە عێراق وەرگرتووە، لە كاتێكدا ٨ برگە كاريگەری بەرزيان لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ لە ليبيا وەرگرتووە، هەروەها دەركەوتووە كە جياوازييەكی بەرچاوی ئاماری لە بيركردنەوەی خورافی هەيە لەنێو خوێندكارانی زانكۆدا، بەپێی گۆڕاوەكانی ڕەگەز و قۆناغی خوێندن و پسپۆڕی زانستی.

4 - توێژينەوەی (سليمان، ٢٠١٧) بە ناونيشانی: هزری خورافی و پەيوەندی بە دروستی دەروونيەوە لای خوێندكارانی پەيمانگای هونەرە جوانەكانی خانەقين

ئامانجی توێژينەوەكە زانينی ئاستی بيری خورافيە لای خوێندكاران و هەروەها زانينی ئاستی بيری خورافيە لای خوێندكاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هەروەها زانينی پەيوەندی نێوان هزری خورافی و درووستی دەروونی، كۆمەڵگەی توێژينەوەكە بريتيە لە خوێندكارانی پەيمانگای هونەرە جوانەكانی خانەقين و (١٠٠) خوێندكار وەك نمونە وەرگيراوە، لەئەنجامدا دەركەوتوە كە هزری خورافی لای خوێندكاران بوونی نيە و خوێندكاران لەبارێكی درووستی دەروونی باشدان.

ە- گفتوگۆی توێژينەوەكان: بەسەرنجدان لە توێژينەوەكانی پێشوو دەردەكەوێت كە سەرجەميان ميتۆدی وەصفی يان روپێويان بەكارهێناوە، هەروەها پێوەريان بەكارهێناوە بۆ پێوانەكردنی ئاستی بوونی هزری خورافە لای خوێندكاران، كە وە ئەم خەسڵەتانە تا ڕادەيەكی زۆر هاوتايە لەگەڵ ئەم توێژينەوەيەدا كە پێوەری بۆ پێوانەكردنی ئاستی بوونی خورافە لای خوێندكارانی زانكۆ بە كارهێناوە، هەروەها ميتۆدی وەسفی بەكارهێاتوە لە توێژينەوەكەدا سەرەڕای ئەوە ئەنجامەكانی توێژينەوەكانی پێشوو هاوتان لەگەڵ ئەم توێژينەوەيەدا جگە لە توێژينەوەی (سلمان، ٢٠١٧) كە دژە لەگەڵ ئەنجامەكانی ئەم توێژينەوەيەدا

**2- لايەنی تيۆری**

**١-٢ هزری خورافی و عەقڵی مرۆيی:**

سروشتی مرۆڤ وا ئەفرێنراوە كە لە پێناوی خۆشبەختی و لەش ساغيدا هەموو ئەگەرەكان تاقی بكاتەوە، ئەويش بە پۆزش و پاساوهێنانەوە بۆ ڕاڤەكردنی بابەتەكان و ڕووداوەكان كە بگونجێت لەگەڵ هەست و نەستيدا، توێژەران لەسەر ئەوە كۆكن، مرۆڤ لە سەرەتادا، هەوڵيداوە لە بوون و گەردوون و بوونی خۆی تێبگات، بۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر جۆرێك لە بيركردنەوە كە پاشان ئەم بيركردنەوە تايبەت، لەلايەن زانا و فەيلەسوف و توێژەرانەوە لەم سەردەمەدا، ناوی ئەفسانە يان خورافەی وەردەگرێت. ئەفسانە و خورافەش هەروەك ئاين، فەلسەفە و زانست ميكانيزمێك بووە كە ڕۆڵی

گرنگی بۆ مرۆڤایەتی گێڕاوە (قەزاز، ٢٠١٠، ١٨) لە دنیای مرۆڤی سەرەتاییدا سنورێك لە نێوان مرۆڤ و بەشەکانی دیکەی سروشتدا نییە و هەستکردن بە ئارامی بوونی نیە لە ڕوانگەی مرۆڤی سەرەتاییەوە هێزی سروشت ئەوەندە زۆرە کە هەر بەشێکی سروشت بۆخۆی خودایەکە ( کەمانگەر، ٢٧١٢، ١٠٢)، هەروەها لە سونگەی پەینەبردنییەوە بە نهێنیەکانی گەردوون، پەنای بۆ سیحر و ئەفسانە و خورافە بردووە (حەسەن، ١٩٩٧، ٢١). لەبەرئەوەی مرۆڤ سەرەتا کە باوڕ بە بیروبۆچونێك دەکات، ئەوسا بەهۆی ترسەوە، یان بۆ خۆ نزیکخستنەوە، ئەو ڕەفتارانە دەنوێنێ بۆ ئاسودە بەخشینێك بە دەروون و مێشکە شێواوەکەی (گەرمیانی، ٢٠٠١، ٣). خورافە کاتێك دەردەکەوێت کە ئاوەزی مرۆڤ پەی بە ژمارەیەك خەسڵەتی جیاواز دەبات لە بابەتێکدا یان پاڵنەرێکدا و دەشێت خورافە و وەهم لەسەر هەموو هەستێکی مرۆیی دەربکەوێت، کە بینین و بیستن و دەست لێدان و بۆنکردن و تام کردنیش دەگرێتەوە (پاڵس، ٢٠٠١، ٥٨)، بۆیە مرۆڤی سەرەتایی هەمیشە لێکدانەوەکانی لەسەر بنەمای عەقڵ نەبوون، بەڵکو لەسەر بنەمای هەستەکانی بووە، بەڵام بە تێپەربوونی کات و گەشەسەندنی بیری مرۆیی و گەشەی زانست مرۆڤ گەیشتوەتە ئەو بڕوایەی کە دیاردە مرۆیی و سروشتیەکان دەکرێت لێکدانەوەی تریان بۆ بکرێت، **ئۆگست** کۆمت (auguste comte) لە تیۆرەی پۆزەتیفیزم دا ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ پشت بە لێکدانەوە نازانستیەکان و هزری خورافی دەبەستێت، پاشان بیری ئاینی و پاشان زانست (Neill, 2011, 22). پاش ئەم هەموو پێشکەوتنە لە هزری مرۆڤ و پێشکەوتنی زانستی، ئەوەی جێگەی سەرنجە لێکدانەوەو تێرامانەکانی مرۆڤە لەسەر بنەمای خەیاڵی و خورافی، مرۆڤی داماڵراو لە پرەنسیپەکانی عەقڵگەرایی، چەندەها ڕێگە و شێوازی جۆر بە جۆر دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شێوەکانی خورافە پیادە بکات، بە ئامانجی گەیشتن بە جۆرێك لە دڵنیای دوور لە دڵەڕاوکێ بخزێنێتە دڵ و دەروونی نا ئارامی، لایەنی کەم هیچ نەبێت هاوسەنگییەك فەراهەم بهێنێت بۆ داهاتووی ژیانی بەختەوەری، چونکە ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بە شێوەیەکی مادییانە بەرزەفتی چارەنووسی بکات، هەوڵ دەدات پەنا بباتە بەر وەهەم و واقیعی پێ ڕەنگین دەکات، بۆ بەرگەگرتنی بارە قورسەکانیشی ئەوا پەنا دەباتە بەر چارەسەرە خورافی و ئەفسوناویەکان (حیجازی، ٢٠١٦، ٢٣٤)، بەرزەفتکردنی خورافییانەی واقیع و جڵەوکردنی ئەفسووناویی چارەنوس، دوو هۆکارن کە پێش ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی دابڕووخێت یان ملکەچ بکات پەنایان بۆ دەبات، ئەو پەنا بردنەش لەو کاتەدا دەبێت کە ناتوانێت بەرپەچی واقیع بداتەوە و ڕووبەڕووی ببێتەوە (حیجازی، ٢٠١٦، ٢٣٤- ٢٣٥)، ئەمەش جێگەی تێڕامانە کە مرۆڤ هەبێت لەم سەردەمەدا پشت بە وەهم و خورافە ببستێت لە لێکدانەوەیدا بۆ دیاردەکان کە لە دەوروبەری ڕوودەدەن، بۆیە کۆمەڵگا کاتێك پاشەکشە دەکات، کە میتۆس شوێنی لۆگۆس دەگرێتەوە. بە واتایەکی تر لە غیابی عەقڵدا کە خورافات و عاداتی سوننەتی و داکەوتوو بەرەوی پێدەدرێت و پشت لە مەنتیق دەکرێت، ئیتر فەزایەکی مەترسیدار بۆ ئەم خورافاتە خۆش دەبێت (بازگر، ٢٠١٢، ١٧٤).

## ٢-٢ خورافە لە کۆمەڵگای مۆدێرنەدا:

هەرچەندە میللەتان هەنگاوی باشیان بڕیوە لە پێشکەوتنی ژیاری و تەکنولوجیادا، بەڵام هیچ نەتەوەیەك دەستبەرداری بیروباوەڕی خورافی و لێکدانەوەی چیرۆکی خەیاڵاوی خۆی نەبووە، خورافە نەمایشی خۆی دەکات لە ناخ و دەروونی مرۆڤدا وەك بەشێکی دانەبڕاو و جیاکەرەوە لە کەلەپووری مرۆڤایەتی.

خورافە ئەو کاریگەرییە گشتگیر و قوڵەیە کە لەسەر قوڵایی هەست و نەست و باوەڕی کۆی مرۆڤەکان دروستی دەبێت، هەرچەندە مرۆڤ بانگەشەی زانستیبوون و ئەقڵانیبوون بکات و لافی ئەوە لێبدات کە دوورە لە کەوتنە ژێر کاریگەریی بابەتە ڕوحیی و میتافیزیکییەکان، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان لەو کاریگەریی و هەژموونە هەر دەرباز نابێت (میراودەلی، ٢٠١٦، ٢٣٧)، چونکە هزری خورافی چەسپاوە لە قوڵایی ناخی مرۆڤدا، بە شێوەیەك لە سەردەمی زانستدا هێشتا بنبڕنەبووە، هەرچەندە لەهەندێك باردا کەسەکە لە بەرزترین ئاستی ڕۆشنبیریشدا بێت. بەپێی زانستی شیکاری خورافە بە ڕوح و تارمایی و نادیارییەکانیەوە، دەرئەکەوێت وەك دروستکراوێکی دەروونی مرۆڤ.(مستەفا، ٢٠١٧، ل٣١)، تەنانەت نەخۆشەکان پەنا دەبەن بۆ ڕەچەتەی جادووگەرانی میللی، بە تایبەتی بۆ نەخۆشییە درێژخایەن و سەختەکان، چونکە مرۆڤ لە کاتی ئەنگێزەدا پەنا دەبات بۆ دەرچەیەك بۆ دەربازبوون، ئەگەرچی خورافەش بێت. (عیسوي، ١٩٨٣، ١٨).

تێکەڵبوونی هزری خورافە بە زانست کەڵەکەبووی مێژووی مرۆڤایەتیە و هەتا ئێستاش دەست بەرداری نەبووە. مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر سوڕماوی لە نێوان خورافە و زانستدا ژیاوە، چونکە وایدەبینێت کە هێڵی جیاکەرەوە ڕوون نییە لە نێوانیاندا (مستەفا، ٢٠١٧، ٣١) چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، چەند حەزی بە ڕوونی و ئاشکرایی و عەقڵانی بوونی بیرکردنەوە و بەر خورد هەیە بۆ تێگەیشتن لە دونیا و لە خۆی و لە کۆمەڵگا، ئاواش پێویستی بە چەندین وێنە و میکانیزمی تایبەتی خۆخەڵەتاندن و فێڵ لە خۆکردن و بەرهەمێنانی وەهم هەیە (قانیع، ٢٠١٣، ٢٧٧).

## ٢-٣ جیاوازی نێوان ئەفسانە و خورافە:

هەندێك لە ڕۆشەنبیران و نوسەران ( ئەفسانە و خورافە) لێك جیا ناکەنەوە و بەیەکیان دەچوێنن، هەتا لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی و کوردیشدا، ئەم دوو زاراوەیە زۆر بە زەقی ماناکانیان تێکەڵ دەبن، هەرچەندە ئەفسانە و خورافە حیکایەتی میللی و خەیاڵین. لێرەدا چەند جیاوازیەك بە دیاردەخەین لە نێوان ئەم دوو چەمککە وەك:

١- ئەفسانە گوزارشتێکی ئەدەبی- هێماییە، سیمایەکی شیعرییانەی هەیە و دەچێتە نێو ڕەهایی و نالۆجیکییەوە، تەشویق و وروژاندنی تیایە، مەبەستی فیکری و فێرکردن و پەروەردەیی هەیە، بەڵام لە حیکایەتی خورافیدا خورسکی و زیادەڕۆییەکی بێ ئەندازە لە خەیاڵدا دەکرێت، بە جۆرێك لە باوەڕهێنان دوور دەکەوێتەوە ( ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٥).

٢- ئەفسانە کاتێك ڕۆڵی خۆی دەگێرێت کە بۆنەی ئایینی و سروت یا فەرمانی ئاکاری و کۆمەڵایەتی پێویستیان بە پاساو بێت، بەڵگەی سەردەمانی کۆنی ڕابردوو، ڕاستەقینە، پیرۆزکردن، بخوازن، بەڵام سەر گوزشتەی خورافی، کە پەیوەندیی کردن بە واقیعێکی نا ئاساییەوە دەیوروژێنێت، بەسەر دیمەنە مێژووییەکانی ڕابردوودا دەکرێتەوە ( ئارام و ئەوانی تر، ٢٠١٥، ٣٣).

٣- ئەفسانە چیرۆکێکی تەقلیدییە لە بارەی جیهانێك کە لە واقعدا بوونی نییە، کاتی دیار نییە و نەناسراوە و دانەرەکەشی نادیارە، پاڵەوانەکانی خەیاڵین، پیاو و ئاژەڵ و خواوەند و ڕوح ئافرێدە کراوی میتافیزیك (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ١٦٢)، بەڵام خورافە زۆر دوور بووە لە واقیع و جێی باوەڕ نەبووە، لەسەر زمانی ئینسان یان ئاژەڵ پەند و حیکمەتی دەربڕیووە ( ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٥).

٤- ئەفسانە پیرۆزە و وابەستەیە بە سیستمێکی ئایینی و ڕێباوەڕێکی دیاریکراوە. بەڵام خورافەکان کەسایەتی و ڕووداوی سەیر و سەمەرە و باسی دێوو جنۆکە و خوداکانیان تێدایە، باسی شتی سەیر و پەرجوویان تێدایە، بەڵام پیرۆز نین. (ئارام حاجی و ئەوانی تر، ٢٠١٥، ١٤٢).

٥- ئەفسانە هەمیشە وەکو چنراوێکی جیاواز دەمێنێتەوە، ئەگەر چی دەشێت خورافە ڕۆڵێکی کولتوریی وەك ئەو ڕۆڵەی ئەفسانە ببینن، بەڵام خورافە حیکایەتێکی پاڵەوانسازییە و پڕە لە زیادەڕۆیی و کرداری بانسروشتی (السواح، ٢٠٢١، ٢٩).

٦- ئەریك فرۆم دەڵێت: ئەفسانە بەرهەمی جیهانێکی نا عاقڵانەیە و زمانەکەشی پڕیەتی لە هێما و هزری دینی و فەلسەفی، تەنانەت هزری ئەخلاقیش لە خۆدەگرێ (فرۆم، ١٩٩٢، ١٧٦)، بەڵام خورافە خۆی لەو بابەتە جەوهەریانەی بوون نادات کە ئەفسانەکان باسی دەکات. (حمە عەلی و ئەحمەد، ٢٠١٨، ٢٠٨).

**٢-٤ جیاوازی نێوان هزری زانستی و هزری خورافی:**

هزرو بیرکردنەوەی مرۆڤ گوزەری کردووە بە چەندەها قۆناغی جیاوازدا، بە درێژایی چاخەکانی مێژوودا، زۆر لەو بیرمەندانە جیاوازن لە دیاریکردنی ئەو قۆناغانەدا، وەك جۆن دێوی، ئۆگست کۆنت، ئارثەر بنشلی.... هتد. هزری خورافی جیاوازە لە هزری زانستی و لۆجیکی، لەبەر ئەوەی بونیاد نەنراوە لەسەر بنچینەیەکی پتەوی هەست کردن. یا لەسەر پەیوەندی هۆو هۆکار، لە دیدی مرۆڤەوە زۆرکات جیاوازییەکی جەوهەری هەیە لە نێوان ڕاستی زانستی و ڕاستی خورافیدا، ڕاستی زانستی ڕێژەییە، و ڕاستی خورافی بەرەو گشتگیری و ڕەهای دەڕوات. (عیسوی، ١٩٨٣، ل٢٨)، هەروەها لە ڕووی ئەرکەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، هەردووکیان هەوڵ دەدات بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکانی دەووروبەری مرۆڤ، بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتن و بەرزە فتکردن، لەلایەکی ترەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەردووکیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە بە بەکارهێنانی هێزی باڵایە، هزری زانستی پاپەندە بە ئەزمونگەرییو عەقڵگەراییەوە، بەڵام هزری خورافی هێزی نادیار و بانسروشتی باڵا زاڵە بەسەریدا، وەك پەنا بردن بۆ ڕوحی شەڕەنگێزی و شەیتان و فاڵگرەوەکانیان. (عیسوي، ١٩٨٣، ١٤).

ئەنسرۆپۆلۆجیستی کلاسیکی تایلۆر ( Edward Burnett Tylor) ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەوەی کە هزری خورافی و هزری زانستی دەیخەنە ڕوو ناتەبان تەنها لەبەر ئەوە نا کە هزری خورافی کەسی یەو زانستی بابەتیە، بەڵکو هەردووکیان ڕوونکردنەوەیان هەیە بۆ هەر دیاردەیەك، بەڵام لێکدانەوەکان جیاوازن لەڕووی هێنانەوەی بەڵگەوە، هزری خورافی دیاردەکان وابەستە دەکات بە هێزی خوداوەند و سەروسروشت، بەڵام زانست خودی دیاردەکە دەکاتە بەڵگە (سیجال، ٢٠١٤، ٢٤)، لە کاتێکدا تایلۆر وەک دەقێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ خورافە دەکات، بەڵام فرایزەر بەو ڕێوڕەسمانانەوە دەبەستێتەوە کە هۆکارن بۆ ڕوودانی خورافە، گەورەترین ئاستەنگی لەگەڵ تێڕوانینی تایلۆر و فرایزەر بۆ خورافە وەک تیۆریستێکی سەرەتایی زانست، بێتواناییانە لە ڕەوایەتیدان بە بوونی خورافە لە دوای هاتنی زانست. ئەگەر خورافە لە زانست زیاتر ڕۆڵی نییە بۆچی هێشتا بوونی هەیە؟ بە بۆچزنی تایلۆر و فرایزەر هەرچییەک لە خورافە بمێنێتەوە دوای هاتنی زانست خورافە نییە، چونکە هیچ ئەرکێکی زانستی ئەنجام نادات. لە لایەکی دیکەوە، فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی هانس بلومبێرگ (١٩٩٦-١٩٢٠) پێیوایە کە بەردەوامبوونی خورافە لە پاڵ زانستدا بەڵگەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە خورافە "هەرگیز" هەمان ئەرکی زانستی ئەنجام نەداوە. بەڵام نە بلومنبێرگ و نە تایلۆر و نە فرایزەر ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش ناکەن کە بۆچی ئەفسانە، یان ئایین بە گشتی تا ئەم سەردەمەش هەر لە برەودان و جێگەی باوەڕو لێکدانەوەن بۆ دیاردەکان (سیجال، ٢٠١٤، ٣٢-٣٣)

**٢-٥ ئەو تیۆرانەی ڕاڤەی خورافە دەکەن**

**تیۆری عەقڵانیەتی خورافە:** بەپێی ئەم تیۆرە ئەو خورافانەی لەسەر بنەمای هەستی مرۆڤ دامەزراون ئەفسانەیەکی عەقڵانییە. بەپێی تیۆری عەقڵانی لای مرۆڤی سەرەتایی خورافە بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە ڕووداوە سروشتییەکان و ئەو هێزانەی لەسەرو دەسەڵاتی مرۆڤەوەیە بونیادنراوە، هەروەها ئەم تیۆرە ڕوونی دەکاتەوە کە خوداوەندەکان کۆنترۆڵی هەموو ئەو ڕووداوە سروشتیانەیان کردووە، وەک نموونەی ئەم جۆرە خورافانە، لێکدانەوەی کلتورە جیاوازەکانە بۆ دروستبوونی مرۆڤ، کلتورە جیاوەزەکان ڕوونی دەکەنەوە کە مرۆڤ چۆن دروست بووە و خوداوەندەکان چییان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی و ئەو کردارانەی کردوویانە بۆ دروستکردنی مرۆڤ و بوونەوەرەکان.

تیۆری کردەیی خورافە: ئەم تیۆرەیە باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی خورافە دەکات لە پەروەردەی ئەخلاق و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و باس لەوە دەکات کە بیرە خورافیەکان دروستکراون تا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەی پێبکرێت، بەجۆرێك لە ڕێگەی بیری خورافیەوە کارێك یاساخ دەکات لە تاکەکانی کۆمەڵەکە تا ئەنجامی نەدەن یان دەبێت ئەنجامی بدەن، هەروەها باس لەوە دەکات کە خورافە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دروست دەکرێن و خزمەت بە ئەرکی دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە کۆمەڵگادا دەکەن.

تیۆری پێکهاتەیی خورافە: بەپێی ئەم تیۆرەیە خورافە پێکهاتەییەکان ئەوانەن کە لەسەر بنەمای هەستی مرۆڤ دامەزراون، ئەم جۆرە ئەفسانە هەردوو دیوی عەقڵی مرۆڤ نیشان دەدەن: لایەنی باش و لایەنی خراپ، خودی دابەشبوو و دووانەی سروشتی مرۆڤ نیشان دەدەن، هەروەها نیشان دەدەن کە چۆن عەقڵی مرۆڤ دەتوانێت باش و خراپ بێت.

**تیۆری دەروونی خورافە:** تیۆری دەروونی خورافە باس لەوە دەکات کە سەرچاوەی خورافە هەست و سۆزی خودی مرۆڤە و لە نەستی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. کولتوورەکان لە هەموو جیهاندا ترس و پرسیار و ئارەزووی هاوشێوەیان هەبووە کە بۆیان ڕوون نەدەکرایەوە، هەر بۆیەش خورافە دەروونییەکان دروستکراون؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە کولتوورە جیاوازەکان خورافەی لێکچووی زۆر لە نێوانیان دا هەیە (الکاید، ٢٠١٠، ٢٢٤).

## ٣- ڕێکارە مەیدانیەکان:

**٣-١ :میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پشکنینێکی گشتگیری بوارێك لە بوارەکانی کۆمەڵگا، یاخود هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی کۆمەڵگا (الشعبینی، ١٩٧٤، ٤٣) لەم توێژینەوەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە بۆ دەرخستن و وەسفکردنی ئاستی بونی هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ، بۆ یە میتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی بە گونجاو زانیوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگای توێژینەوە :گروپێکە لە کەسان کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیمۆگرافی یاخود پیشەیی یان کولتوری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی دیاریکراون، کەدەتوانرێت لێیانەوە نمونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردرێت(الحسن، ١٩٩٩، ٥٤٤). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کە ژمارەیان (٢٣٠٧١) خوێندکارە.

٣-٣ **:نموونەی توێژینەوە:** نموونە ئەو کۆمەڵە هەڕەمەکیە یە یاخود ڕێکخراویە کە توێژەر لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەیەوە وەری دەگرێت، کەلێیەوە زانیاریەکان وەردەگیرێن و دەرئەنجامەکان دەردەهێنرێت بەزۆری بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە دەگیرێتەبەر(دینکن، ١٩٨٠، ٢٥٧)، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە بریتیە لە (٣٧٨) خوێندکار بە پێوانەی مۆرگان، کە (١٧٢) یان لە ڕەگەزی نێرن و (٢٠٦) یان ڕەگەزی مێن، (١٨٥) یان لە شاردا نیشتەجێن و (١٩٣) یان لە دەروەوەی شارن و (٢٣٢) یان لە کۆلێجە مرۆییەکان خوێندکاران و (٨٩) یان لە کۆلێجە زانستیەکانن و تەنها (٥٧) یان لە کۆلێجە پزیشکیەکانن، وەك لە خشتەی (١) خراوەتە ڕوو

خشتەی (١) نمونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاو | بژاردە | دوبارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 172 | 45.5 |
| | مێ | 206 | 54.5 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشار | 185 | 48.9 |
| | دەرەوەی شار | 193 | 51.1 |
| پسپۆڕی | مرۆیی | 232 | 61.4 |
| | زانستی | 89 | 23.5 |
| | پزیشکی | 57 | 15.1 |

٣-٤ **ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:** بۆکۆکردنەوەی زانیاریەکان لە نمونەی توێژینەوەکە پێوەرێکیان ئامادەکردوە کردوە و پاش وەرگرتنی رەزامەندی پسپۆڕان کە پێوەرەکەیان هەڵسەنگاندوە پێوەرەکەیان دابەشکراوە بەسەر نمونەکەدا، کە (٢٧) برگە لەخۆدەگرێت، پاش ئەوەی فۆرمەکان لە بەرتوێژان وەرگیراوەتەوە، و شیکاریان بۆ کراوە، بۆ هەریەکە لەبرگە کان هەڵبژاردەکانی (لەگەڵیدام) ژمارە (٣) و تارادیە لەگەڵیدام ژمارە (٢) و لەگەڵیدانیم (١) یان وەرگرتوە.

٣-٥ **ڕاستگۆیی پێوەرەکە:** بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکان توێژەر هەستاوە بەخستنەڕووی پێوەرەکە بۆ ژمارەیەک لەپسپۆڕانی بوارەکانی(کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردەیی)، توێژەر داوای لێکردوون لەڕێگەی

بەکارخستنی پسپۆری وتوانایانەوە دڵنیا ببنەوە لەگونجاوی برگەکان، لەرووی دارشتن و ماناوە، لەگەڵ هەر گۆرانکاری و زیادکردنێک کە بەپێویستی بزانن، توێژەر ئەو برگانەی لابردووە کە زیاتر لە(٥) پسپۆر یان زیاتر بەباشیان نەزانیبێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژمارەی پسۆرەکان(٥) کەسە لەکۆتایدا پاش چاکردنی گشت برگەکان دەرکەوت ئاستی راستی گشت برگەکانی توێژینەوەکە بریتیە (82.96%) کەئەمە رێژەی بەرزی راستی پێوەرەکە دەسەلمێنێت، لە پاشکۆی (١) دا ئاماژە بە ناوی پسپۆران و رونکردنەوە لەسەر راستی برگەکان دراوە.

**٦-٣ جێگیری پێوەرەکە:**

٧-٣ دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکان بەسەر نموونەی توێژینەوەکە و داخڵکردنی داتاکان، بەرێگای هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ جێگیری بۆ نموونەکە وەرگیراوە، دەرکەوت بەهای جێگیری یەکسانە بە (٠,٨٣٢) کە ئەمەش بەپێی هاوکۆڵکەی کرۆنباغ ئەلفا تا بەهای جێگیری لە یەك نزیك بێتەوە ئاستی جێگیری پێوەرەکە نیشان دەدات، کەواتە ئاستی جێگیری لەساتێکی بەرزدایە. وەک لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢) جێگیری پێوەرەکە

| ئەلفا کرۆنباغ | ژمارەی برگە |
|---|---|
| ٠,٨٣٢ | ٢٧ |

٧-٣ :ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەک

١- هاوکۆلکەی کرۆنباغ- ئەلفا: بۆ زانینی ئاستی جێگیری برگەکان

$$\alpha = \frac{k}{k-1}\left(1 - \frac{\sum V_i}{V_t}\right)$$

k: ژمارەی بابەتەکانی سەر تاقیکردنەوەکە

∑vi : کۆی جیاوازییەکانی بەشە جیاوازەکانی تاقیکردنەوەکە

vt2: جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەکان

٢- تاقیکردنەوەی (T)ی یەك گۆڕاو (One Sample T-test): بۆ دەرخستنی ئاستی پێوانەی پێوەرەکان.

$$t = \frac{\bar{x} - \mu}{\frac{S}{\sqrt{n}}}$$

٣- تاقیکردنەوەی (T)ی بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test): بۆ دەرخستنی بوونی جیاوازی گۆڕاوە دوو بژاردەییەکان.

$$t = \frac{\overline{x_1} - \overline{x_2}}{\sqrt{\left(\frac{s_1^2}{n_1} + \frac{s_2^2}{n_2}\right)}}$$

X= ناوەندە ژمێرەی

S= لادانی پێوانەی

٤- هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەکلایەنە (One-Way ANOVA): بۆ دەرخستنی بوونی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکان کە لە دوو بژاردە زیاترن.

$$SS = \sum (X - \overline{X})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

٥- هاوکۆلکەی (LSD) بەراوردکردنی فرەیی : بۆ بەراوردکردنی جیاوازی گۆڕاوەکان لەگەڵ یەکتردا

$$LSD = t_{0.05/2,DFW}\sqrt{MSW\left(\frac{1}{N1} + \frac{1}{N3}\right)}$$

(Kim, 2017, 23-25)

**٤- ئەنجامەکانی توێژینەوە:**

١- پێوانەکردنی بوونی هزری خورافی لای خوێندکاران.

بۆ پێوانەکردنی بوونی هزری خورافی بەپشتبەست بە هاوکۆڵکەی (ت) بۆ یەك نمونە دەردەکەوێت بەهای (ت) ی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی و ئاستی بەڵگەداری یەکسانە بە (٠,٠٠١) ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕوو کە پێوەری پێوانەکردنی هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ بەڵگەداری ئاماری هەیە، هەروەها بە بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی (٦٣,٦٧) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (٥٤) ئەمەش دەریدەخات کە هزری خورافی لای خوێندکاران بوونی هەیە، وەك لە خشتەی (٣) دا روونکراوەتەوە.

خشتەی (٣) بونی هزری خورافی لای خوێندکاران

| ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تا | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 63.67 | 54 | 9.59 | 377 | 19.59 | ١,٩٦٦ | 0.001 |

٢- زانینی گرنگترین بیرە خورافیەکان لای خوێندکارانی زانکۆ:
وەك لە خشتەی (٤) دا خراوەتە ڕوو سەرجەم برگەکانی پێوەرکە لەئاستی بەڵگەداریدان، چونکە بەهای بەڵگەداریان بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) یان بەهای (ت) هەژمارکراویان گەورەترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی، بەڵام بە پشتبەست بە ناوەندە ژمێرەیی برگەکان دەردەکەوێت کە برگەی (٢٦) (کە دەستی ڕاستم بخورێت پارەم دەستدەکەوێت) بەرزترین پلەی بەدەستهێناوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم

زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە باوەڕیانوایە خورانی دەست پەیوەندی بە پارەوە هەیە، هەروەها بڕگەی (٢٥) (ئەگەر چاوت بفرێت میوانتان دێت) پلەی دووەمی گرتووە بە ناوەندە ژمێرەیی (٢,٦٥) لە کاتێکدا بڕگەی (٢٣) پلەی سێهەمی گرتوە بە ناوەندە ژمێرەیی (٢,٥٩) ئەمەش بەو واتایەیی نمونەی توێژینەوەکە لەو باوەڕەدان کە کەروێشك ئاژەڵێکی شومەو نابێت لەماڵدا بەخێوبکرێت و بڕگەی (٢٧) پلەی چوارەمی وەرگرتوە بەمەش زۆرینەی نمونەکە لەوباوەڕەدان خواردنی ماسی و ماستاو پێکەوە دەبێتە هۆی نەخۆشیەکانی پێست، لە کاتێك دا بڕگەی (١) (چاوی پیس کارم تێدەکات) پلەی پێنجەمی وەرگرتوە بە ناوەندە ژمێرەیی (٢,٤٧)، بڕوانە خشتەی (٤) بۆ ڕونکردنەوی زیاتر.

خشتەی (٤) بیرە خورافیەکان لای خوێندکارانی زانکۆ

| پلە | بڕگەکان | بەتەواوی وایە | تاڕادەیەك وایە | وانیە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (تا) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 26 | 251 | 127 | 0 | 2.66 | 0.47 | 109.512 | 0.000 |
| 2 | 25 | 283 | 56 | 39 | 2.65 | 0.66 | 77.866 | 0.000 |
| 3 | 23 | 268 | 64 | 46 | 2.59 | 0.70 | 72.078 | 0.000 |
| 4 | 27 | 217 | 161 | 0 | 2.57 | 0.50 | 101.074 | 0.000 |
| 5 | 1 | 179 | 199 | 0 | 2.47 | 0.50 | 96.19 | 0.000 |
| 6 | 24 | 201 | 142 | 35 | 2.44 | 0.66 | 72.099 | 0.000 |
| 7 | 15 | 171 | 179 | 28 | 2.38 | 0.62 | 74.584 | 0.000 |
| 8 | 19 | 169 | 180 | 29 | 2.37 | 0.62 | 74.018 | 0.000 |
| 9 | 4 | 173 | 171 | 34 | 2.37 | 0.64 | 71.589 | 0.000 |
| 10 | 9 | 164 | 183 | 31 | 2.35 | 0.63 | 72.928 | 0.000 |
| 11 | 3 | 167 | 176 | 35 | 2.35 | 0.64 | 71.024 | 0.000 |
| 12 | 22 | 175 | 159 | 44 | 2.35 | 0.68 | 67.232 | 0.000 |
| 13 | 6 | 169 | 168 | 41 | 2.34 | 0.66 | 68.386 | 0.000 |
| 14 | 12 | 157 | 192 | 29 | 2.34 | 0.62 | 73.915 | 0.000 |
| 15 | 5 | 157 | 191 | 30 | 2.34 | 0.62 | 73.402 | 0.000 |
| 16 | 21 | 145 | 206 | 27 | 2.31 | 0.60 | 75.077 | 0.000 |
| 17 | 14 | 155 | 184 | 39 | 2.31 | 0.65 | 69.193 | 0.000 |
| 18 | 10 | 162 | 168 | 48 | 2.30 | 0.68 | 65.563 | 0.000 |
| 19 | 7 | 145 | 196 | 37 | 2.29 | 0.63 | 70.185 | 0.000 |
| 20 | 8 | 160 | 166 | 52 | 2.29 | 0.69 | 64.11 | 0.000 |
| 21 | 11 | 150 | 185 | 43 | 2.28 | 0.66 | 67.566 | 0.000 |
| 22 | 13 | 153 | 175 | 50 | 2.27 | 0.68 | 64.861 | 0.000 |
| 23 | 2 | 150 | 180 | 48 | 2.27 | 0.67 | 65.627 | 0.000 |
| 24 | 17 | 137 | 187 | 54 | 2.22 | 0.68 | 63.745 | 0.000 |
| 25 | 20 | 154 | 147 | 77 | 2.20 | 0.76 | 56.693 | 0.000 |
| 26 | 18 | 145 | 164 | 69 | 2.20 | 0.73 | 58.942 | 0.000 |
| 27 | 16 | 130 | 182 | 66 | 2.17 | 0.70 | 60.181 | 0.000 |
| نمرەی ئازاد | | | | | | | | 377 |
| بەهای خشتەی | | | | | | | | ١,٩٦٦ |

**٣- زانینی ئاستی جیاوازی بوونی هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری خوێندن).**

**یەکەم: بەپێی ڕەگەز**

پشت بەست بە هاوکۆلکەی (ت) بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە ئاستی بونی هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بەو پێیەی بەهای (ت) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠١) وە بە بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزەکان دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەی ڕەگەزی نێر (٦١,٧٤) بچوکترە لە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (٦٥,٢٩) ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە هزری خورافی لای ڕەگەزی مێینە زیاترە وەك لە ڕەگەزی نێر، وەك لە خشتەی (٥) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٥) جیاوازی هزری خورافی بە پێی ڕەگەز

| بژاردە | دووبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تا: هەژمارکراو | بەهای تا: خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 172 | 61.7٤ | 10.776 | 376 | 3.637 | 1.966 | 0.001 |
| مێ | 206 | 65.2٩ | 8.167 | | | | |

**دووەم: بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

بەهەمان شێوە پشت بە بەست بە هاوکۆلکەی (ت) بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە ئاستی بونی هزری خورافی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، بەو پێیەی بەهای (ت) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (ت) ی خشتەی بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠١) و بەبەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەییان دەردەکەوێت کە ئاستی هزری خورافی لای ئەو خوێندکارانەی کە نیشتەجێی ناوشارن کەمترە لە ئاستی هزری خورافی لای ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی شارەکان نیشتەجێن، بەو پێیەی ناوەندی ژمێرەیی ئەوانەی لە ناوە شارەکان نیشتەجێن (٦١,٥٧) بچوکترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەوانەی کە لەدەرەوەی شارەکان نیشتەجێن (٦٥,٦٩) وەك لە خشتەی (٦) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٦) جیاوازی هزری خورافی بەپێی ڕەگەز

| بژاردە | دووبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تا: هەژمارکراو | بەهای تا: خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوشار | 185 | 61.5٧ | 11.216 | 376 | 4.269 | 1.966 | 0.001 |
| دەرەوەی شار | 193 | 65.6٩ | 7.203 | | | | |

سێهەم: بەپێی جۆری خوێندن

بۆ زانینی بونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن پشت بە هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە ( One-Way ANOVA) دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە هزری خورافی خوێندکاران بە گۆڕانی جۆری خوێندن، چونکە بەهای بەڵگەداری بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ی ئاماری، وەك لە خشتەی (٧) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٧) جیاوازی هزری خورافی بەپێی جۆری خوێندن

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | دووجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپەکان | 15916.748 | 2 | 7958.374 | 158.756 | 0.000 |
| لە ناو گروپەکان | 18798.575 | 375 | 50.130 | | |
| گشتی | 34715.323 | 377 | | | |

لەبەر ئەوەی هاوکۆلکەی شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە (One-Way ANOVA) پێماندەڵێت کە جیاوازی هەیە بەڵام پێمان ناڵێت کە جیاوازیەکە لەکوێدایە، بۆیە پشت بە هاوکۆڵکەی جیاوازی فرەیی (LSD) دەبەستین و ئەنجامەکان دەریدەخەن کە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان خوێندکارانی کۆلێجە زانستیەکان دایە واتا هزری خورافی لای خوێندکارانی کۆلێجە زانستیەکان جیاوازە، وەك لە خوێندکارانی کۆلێجە مرۆییەکان و کۆلێجە پزیشکیەکان و لەبەرئەوەی کە ناوەندە ژمێرەیی خوێندکارانی کۆلێجە زانستیەکان بچوکترە لە ناوەندە ژمێرەیی گشتی، لەبەرئەوە دەردکەوێت کە هزری خورافی لای خوێندکارانی کۆلێجە زانستیەکان کەمترە بە بەراورد بە خوێندکارانی تری زانکۆ.

خشتەی (٨) بەراوردی فرەیی (LSD)

| ناوەندەکان | | جیاوازی ناوەندەکان | ناوەندە ژمێرەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| مرۆیی | زانستی | 15.43365* | 67.42 | 0.000 |
| | پزیشکی | 0.77329 | | 0.460 |
| زانستی | مرۆیی | -15.43365* | 51.9٩ | 0.000 |
| | پزیشکی | -14.66036* | | 0.000 |
| پزیشکی | مرۆیی | -0.77329 | 66.6٥ | 0.460 |
| | زانستی | 14.66036* | | 0.000 |
| ناوەندە ژمێرەیی گشتی | | | 63.67 | |

**٤-٢ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

١- هزری خورافی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ

٢- هزری خورافی لای خوێندکارانی مێینە زیاترە وەك لە خوێندکارانی ڕەگەز نێر

٣- هزری خورافی لای ئەو خوێندکارانە زیاترە کە لە دەرەوەی شارەکان نیشتەجێن

٤- ئەو خوێندکارانەی لە کۆلێجە زانستیەکان دەخوێنن بیری خورافیان کەمترە وەك لەو خوێندکارانەی لە کۆلێجە پزیشکی و کۆلێجە مرۆییەکان دەخوێنن.

**٤-٣ ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

١- برەودان بە هزری زانستی و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زاراوەو بیرە خورافیەکان لە کۆمەڵگەدا

٢- گۆڕینی کەلتوری ڕۆشنبیری باو وە ڕاستکردنەوە و گونجاندنی پێکهاتەکانی و لابردنی هزرە ستۆکەکان بە بابەتی سەردەمیانە کە بگونجێت لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گەلاندا.

٣- لابردنی ئەو چەمك و دەستەواژانەی کە نیشاندەری بیری خورافین لە مەنهەجەکانی خوێندن دا.

٤- پەروەردە و فێرکردن بەرپرسیاری یەکەمن لە پەرەپێدانی هزری زانستی بابەتی و ئەزموونی و پراکتیکی فێرخوازان تا دووربکەونەوە لە هەموو بیروباوڕێکی خورافی و دوگما بوون.

**٤-٤ پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

1 - ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەسەر هزری خورافی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ

2 - ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر هزری خورافی لای مامۆستایانی زانکۆ

3 - ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تیۆری لەسەر گەشەی خورافە لە کۆمەڵگەی کوردیدا

4 - ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە گشت کایە ماریفییەکانی پەروەردە و فێرکردن لەلایەن ناوەندە زانستیەکان، وەك زانکۆو ڕێکخراوەکان.

5 - بەستنی کۆنگرە و وۆرك شۆپ لەلایەن دەسگا پەیوەندارەکان بە تایبەتی زانکۆکان بۆ تاوتوێ کردنی پرس و کێشە و لێکەوتەکانی خورافە لەسەر داهاتووی پەروەردەکاران و فێرخوازان، ئەمەش نەوەی نوێ دێنێتە کایەوە.

پاشکۆی (١) ناوی ئەو پسپۆڕانەی پێوەرەکەیان هەڵسەنگاندوە

| ژ | ناوی پسپۆر | شوێنی کار | گونجاو | نەگونجاو | گۆڕانکاری | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.ی.د حەسەن فەخرەدین خالد | پەروەردەی بنەڕەت- سلێمانی | 20 | 3 | 4 | 27 | 74.07% |
| 2 | پ.ی.د نازەنین عوسمان | پەروەردەی بنەڕەت- سلێمانی | 22 | 2 | 3 | 27 | 81.48% |
| 3 | د. کانی سالار عوسمان | پەروەردەی بنەڕەت- سلێمانی | 23 | 2 | 2 | 27 | 85.19% |
| 4 | م. عادل محمد نوری | پەروەردەی بنەڕەت- سلێمانی | 24 | 2 | 1 | 27 | 88.89% |
| 5 | م.ی سۆران حمە ئەمین ئەحمەد | پەروەردەی بنەڕەت- سلێمانی | 23 | 0 | 4 | 27 | 85.19% |
| کۆیی گشتی | | | 112 | 9 | 14 | 135 | 4.15 |

100* ڕاستی ڕواڵەت= کۆی ڕاستی / ژمارەی پسپۆر

= 4.15/5*100

= 82.96%

| پاشکۆی (٢) پێوەری بەکارهاتووی توێژینەوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | بەتەواوی وایە | تارادەیەك وایە | وانیە |
| 1 | چاوی پیس کاردەکاتە سەرم | | | |
| 2 | بە شەو ڕشتنی ئاوی گەرم خراپە | | | |
| 3 | چەپلەر ناچێتە بەهەشتەوە. | | | |
| 4 | مێژووی لە دایک بوون، کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ. | | | |
| 5 | کەڵەشێر لە ناوەخت دا بخوێنێ خراپە | | | |
| 6 | نابێت مقەست بدەیتە دەستی کەسانی تر. | | | |
| 7 | پێڵاوی هەڵگەڕاوە کارێکی باش نییە. | | | |
| 8 | وەڕینی سەگ، بە شەو ئەبێتە هۆی مردنی دراوسێیەک. | | | |
| 9 | لەگەڵ هەموو دڵۆپە بارانێکدا فریشتەیەک هەیە. | | | |
| 10 | مووروی شین خەڵکی لە بەڵاو چاوپیسی ئەپارێزێت. | | | |
| 11 | هەڵواسینی ناڵ و شاخی ئاژەڵ دورت دەخاتەوە لە نەهامەتی. | | | |
| 12 | ژمارە (١٣) بەڵا و چارە ڕەشی بەدواوەیە. | | | |
| 13 | بڕوام بە ڕۆڵی شانس هەیە | | | |
| 14 | قورقوشم توانەوە بەسەر کەسی ترساودا ئەبێتە هۆی چاکبونەوەی. | | | |
| 15 | دەبێت ئاگامان لە منداڵ بێت شەوە نەبیان | | | |
| 16 | بەشێك لە پشیلە ڕەشەکان جنۆکەن | | | |
| 17 | ئاوڕشتن بەدوای کەسێك دا کەسەفەر دەکات دەبێتە مایەی خێر | | | |
| 18 | کونەپەپوو باڵندەیەکی شومە | | | |
| 19 | ڕێوی لەسەر ڕێگەت ببینیت، باشە دێت بەپیرتەوە | | | |
| 20 | سەیرکردنی ماسی لە ئاودا بۆ نەخۆشی زەردووی بەسودە | | | |
| 21 | دەرزی دان لە جل وادەکات حنۆکە لێت نزیك نەبێتەوە | | | |
| 22 | ددان کەوتن لە خەوندا ئەبێتە هۆی مردنی خزمێک. | | | |
| 23 | کەروێشك ئاژەڵێکی شوومە، نابێت لەماڵدا بەخێوبکرێت | | | |
| 24 | لە کاتی مارەبڕیندا نابێت تەزبیح یان پەنجەکان بتەقێنرێت. | | | |
| 25 | ئەگەر چاوت بفرێت میوانتان دێت. | | | |
| 26 | کە دەستی ڕاستم بخورێت پارەم دەستدەکەوێت | | | |
| 27 | ماسی و ماستاو پێکەوە ناخۆم | | | |

**سەرچاوەکان:**


سەرچاوە عەرەبیەکان:

الحسن، احسان محمد (١٩٩٩). موسوعه علم ألاجتماع. ط١دار العربيه للموسوعات: بيروت.

سلمان عبد علی، (١٩٨٥). الانثروبولوجيا الأجتماعية. مطبعة الموصل، جامعة صلاح الدين.

سليمان، هند احمد. (٢٠١٧). التفكير الخرافي وعلاقته بالصحه النفسيه لدى طلبه معهد الفنون الجميله فی قظاء خانقين. Journal of Garmian (Khanaqine Conference), ٣,University .631-654

سيجال، روبرت إيه (٢٠١٤). الخرافة: مقدمة قصرية جدا. ت: محمد سعد طنطاوي، الطبعة الأول، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة: قاهره، مصر.

الشعبيني، محمد مصطفى(١٩٧٤). علم الاجتماع. دار النهظة العربية: القاهرة. ص ص. ٢٥٨-٨٨. https://search.emarefa.net/detail/BIM-572981

صبری، عزام عبدالرحمن (٢٠٠٦). الاحصاء وصفی و نظام SPSS. دار الكتب العالمی: الاردن، عمان.

العمر، معن خليل (٢٠٠١). ثنائيات علم الأجتماع. ط١، دارالشروق للنشر و التوزيع: الاردن، عمان.

عيسوی، عبدالرحمن (١٩٨٣) سيكولوجية الخرافة، مطبعة أطلس، منشأة المعارف بالأسكندرية.

فرحان، علي ناصر. (٢٠١٥). التفكير الخرافي و علاقته ببعض المتغيرات.*مجلة البحوث التربوية و النفسية،* مج. ٢٠١٥، ع. ٤٥،

فروم، أريك (١٩٩٢). اللغة المنسية. ت:حسن قبيسي، المركز الثقافي العربي: بيروت.

الكايد، هانی (٢٠١٠). ميثولوجيا الخرافة والأسطورة في علم الاجتماع. ط ١، دار الراية للنشر والتوزيع،

مصطفی، عادل (٢٠١٧). الحنين الى الخرافة. مؤسسة هنداوی، بلا مكان الطبع.

مير، لوسي (١٩٨٣). مقدمة في الانثروبولوجيا الأجتماعية. ت: شاكر مصطفی سليم، وزارة الثقافة و الاعلام: بغداد.

ميشيل، ديكن (١٩٨٠). معجم علم الاجتماع.، ت: الدكتور احسان محمد الحسن، مطبعة دار الحريه:بغداد.

نجيب، اسكندر و منصور، روشدی فام (١٩٦٢). التفكير الخرافی. مكتبة الانجلو المصرية: القاهرة.

يحيى, انور قاسم. (٢٠٠٩). المعتقدات الخرافية لدى طلبة الجامعة. *اداب الرافدين*, ٣٩ (٥٤), ٤٨٢-٤٥٧.

سەرچاوە کوردییەکان:

ئارام، حاجی و ئەمین، هاوژینی مەلا، جەلال، هۆشمەن (٢٠١٥). ئەفسانەو ئایین و زانست. چ١، چاپخانەی تاران: سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥). فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان. چ١، چاپخانەی تاران: سلێمانی.

ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٢). ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی. و:دانا مەلا حەسەن، چ١، چاپخانەی پەخشی سەردەم: سلێمانی.

ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٨). ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی. و: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی ئەندێشە: سلێمانی.

ئەلفەوال، سەلاح مستەفا (٢٠١٧). سیمبولەکانی هزری کۆمەڵناسی. و:توانا فەرەیدون حسین، چ١، چاپخانەی هێڤی: هەولێر.

ئەمین، عومەر محەمەد (٢٠١٣). پەروەردە و گرفتەکانی. چ١، سلێمانی.

بازگر، ئەنوەر حسین (٢٠١٢). کاتی دواین قسەیە. چ٢، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.

پالس، دانیال.ل (٢٠٠١). ئایین و کەسایەتی، و:ئاوات ئەحمەد. چ١، دەزگای سەردەم: سلێمانی.

جگەر سۆز ، محمد صالح پێندرۆیی ، (٢٠١٣) ١٤٠ کلیل بۆ سەرکەوتنی قوتابی لە قوتابخانە چ/ ڕۆژهەڵات / سلێمانی .

جورج، زعرور (١٩٧٢). دراسة حقلية على طلاب المدارس الثانوية و الجامعية في لبنان للمعرفة مدى أنتشار المعتقدات الخرافية بينهم و أثرها في سلوكهم. بيروت، لبنان.

حمه، علی هیوا محەمەد- ئەحمەد بەختیار حسین (٢٠١٨). دیدیکی تر بۆ قورئان. چ١، بێ شوێنی چاپ.

حوسێن، محەمەد تەها (٢٠١٥). دیاردە گەرایی خود. چ١، بێ شوێنی چاپ.

حیجازی، موستەفا (٢٠١٦). دەروازەیەك بۆ سایکۆلۆژیای مرۆڤی تێکشکاو. و:سەلاح سەعدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: هەولێر.

حیلمی، مەریوان سەلاح و مەحمود، ساڵح کەمال (٢٠١١). وتارە پەروەردەییەکان. چ١، سلێمانی.

حەسەن، محەمەد فەریق (١٩٧٧). ئەفسانەی ژمارە سێ. گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٦).

السواح، فراس (٢٠٢١). سەرکێشی یەکەمی عەقڵ. و: نەوازاد ئەحمەد ئەسوەد، چ١، چاپخانەی تاران: سلێمانی.

عەلی، بەختیار (٢٠٠٦). هەندێك سەرنج دەربارەی سیستەمی پەروەردە و ستراتیژی گۆڕانكاری لەم سیستەمەدا. گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە٥.

قانیع، مەریوان (٢٠١٣). فیكر و دونیا. بەرگی یەكەم، چ١، چاپخانەی كارۆ: سلێمانی.

قەرەداغی ، هۆمەر , سروە نوری ئەزیز (٢٠٠٧) سیستەمی فێركاری ، چ ١ ، بڵاوكراوەكانی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر /كوردستان .

قەزاز، ئازاد (٢٠١٠). سەرەتایەك بۆ فەلسەفە. چ١، چاپخانەی موكریانی: هەولێر.

كەمانگەر، گوڵاڵە (٢٧١٢ه). قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا. بێ چاپ، بێ شوێنی چاپ.

گەرمیانی، عادل (٢٠٠١). شێوازی ئەفسانەیی لە بونیادی وێنە بابەتی هۆنراوەكانی گۆران و سەیابدا. گۆڤاری كاروان، ژمارە (١٥٩).

میراودەلی، خەسرەو (٢٠١٦). ئەفسانە و مەعریفە. چ١، چاپخانەی پەنجەرە: سلیمانی.

هەورامی، صەبوور حەمە شەریف (٢٠١٠). چەردەیەك مێژووی فەلسەفە. چاپخانەی كوردونیا، سلێمانی.

سەرچاوە ئینگلیزیەكان

Baban, A. A. H., & Abdallah, A. M. N. (2019). The Role of Family Problems in the performance of the Work of Employees in Government Institutions. *Journal of University of Raparin*, *6*(1), 423-450.

Kim, Tae Kyun (2017). Understanding one-way ANOVA using conceptual figures. Korean journal of anesthesiology, 70(1), 22-26.

Neill, A. (2011). Sympathy, superstition, and narrative form; or, why is Silas Marner so short? A Response to John Mazaheri. *Connotations*, *21*(1), 2021.

Noori, Adil Mohammed (2019). The Pressure of Student Organizations and their Role in Advancing the Studying Process Sulaimani Univesity Students as a Sample . Twejer journal, 2 (1) , http://doi.org/10.31918/twejer.1921.5, 180-221.

**الملخص:**

الخرافة كثقافة لها جذور أسطورية وتاريخ لآلاف السنين، من الصعب القضاء عليها بسهولة بين الأفراد في المجتمع، والهدف من هذه الدراسة هو قياس مدى انتشار الفكر الخرافي بين طلاب الجامعة ومعرفة أهم الفكر الخرافي لدى طلاب الجامعة وفقًا للمتغيرات (الجنس، مكان الإقامة، نوع التعليم)، تم استخدام المنهج الوصفية لوصف الأفكار الخرافية لدى الطلاب، مجتمع البحث من طلبة جامعة السليمانية واخذ عينة من (٣٧٨) طالب وطالبة، وقام الباحث بإعداد مقياس مكون من (٢٧) فقرة بعد الحصول على صدق وثبات المقياس وتحليل البيانات وقد توصل البحث الى الاستنتاجات التالية: الفكر الخرافي يسيطر على تفكير طلبة الجامعة و أكثر شيوعًا بين الطلاب الذين يعيشون خارج المدن وهي أقل بين طلاب الكليات العلمية منها في كليات الطب والعلوم الإنسانية.

كلمات مفتاحية (خرافة، أسطورة، طالب، جامعة، فكر)

**Abstract:**

Superstition as a culture has mythological and historical roots, and it is difficult to remove so easily among individuals in society. This study aims to measure the prevalence of superstitious thought among students and find the most important superstitious thought among university students. According to the variables (gender, place of residence, and specialty ) the descriptive method was used to describe superstitious thoughts among university students, the research community is the students of Sulaimani University and (378) students were taken as a sample. The researchers prepared a scale consisting of (27) items after obtaining the truth and stability of the scale and analyzing the data the results show that Superstitious thoughts dominate the thinking of university students. Superstitious thoughts are more among female students than male students and more among students who live in urban areas and It is lower among students in scientific colleges than in medical and humanities colleges.

Keywords (superstition, myth, student, university, thought)